ئێران.. ئەگەر وڵاتەکەمان پێلکێشی ململانێ بکرێت هێرش دەکەینە سەر ناوەندە سەربازییەکانی ئەمریکا

ئەمڕۆ چوارشەممە،عەزیز ناسرزادە وەزیری بەرگری ئێران هەڕەشەی کرد کە بنکەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە ئامانج لە ئەگەری ڕودانی ململانێ، لە کاتێکدا ئامادەکارییەکان بۆ خولی نوێی دانوستانە ئەتۆمییەکان لە ئارادایە.

عەزیز ناسرزادە، وەڵامی هەڕەشەکانی ئەمریکای دایەوە کە ئەگەر دانوستانەکان شکستیان هێنا، هەنگاوی سەربازی دەگرنەبەر و وتی، "هیوادارین دانوستانەکان بگەنە ئەنجام، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕونەدات و ململانێیەك بە زەر بەسەرماندا بسەپێندرێت، گومانی تێدا نییە کە بە دڵنیاییەوە زیانەکانی لایەنی بەرامبەر زۆر لە زیانەکانی ئێمە گەورەتر دەبێت".

وتیشی، "ئێمە توانای گەیشتن بە هەمو بنکەکانی ئەمریکامان هەیە، بە دودڵی هەمویان دەکەینە ئامانج لە وڵاتانی میوانداریان، لەم حاڵەتەدا ئەمریکا ناچار دەبێت ناوچەکە بەجێبهێڵێت".